

پێشکەشە بەو کچۆڵەی بەبێ دووان خۆشمدەوێت

# "خۆشم دەوێیت" لە فەنتازیا

**ئا، بەڵێ هەستپێدەکەم!**

**ئەی چۆن نەء؟**

**لە ڕەوتی ڕوانین و هەنگاونانی دەزوولەییت،**

**لە تەڵخی ماندوویەتیم و شینیاری ناکامی هەستم**

**تێگەیشتم...**

**یان بڵێم کزە بای پاش بارانی غەفڵەت تێیگەیاندم،**

**هەستمان نزیك و ژینگەمان،**

**وەك دووجەمسەری دژ، دوور لەیەك دەكێشن...**

**ژیكەڵە،**

**لە بەتاڵیم ڕا مەمێنە،**

**تامەزرۆییت بۆ دواندن بە بزەیەك،**

**بە شەرمە ڕەوتێك, بە بینە قاقایەکی بە ئاگای درۆیینە،**

**وەك من**

**سووك بشكێنە...**

**هەرچی دەکەی مەم دوێنە،**

**تۆ ڕۆژهەڵاتی من ڕۆژئاوا.**

**من بژێوی مان و ژیان تۆش بێپەڕوا...**

تۆ کچۆڵەی بەناز پەروەردەکراو

من،

من،

من،

لەگەڵ هەست ناسکی و سەختی ژیان برام...

چۆن پێت بڵێم خۆشم ئەوێیت،

و

دەتکەم بە گوڵدانی ژووری هەڵممژەی دوور لە چێژی جوانی...

چۆن پێتبڵێم خۆشمدەوێت و

ناوێرم،

کە دڵنیام بۆ خۆشت نا سێبەرەکەت

هێشتا بە هیچ رەنگی ساردی ژیان ئاشنا نی...

دەکرێت پێتبڵێم،

ئەو سپێندارێکی گەڵا شۆڕەوەبووە،

ئەوی تر قەیرەیکی لەخەو بەجێماوە،

ئەوێکی تریش،

هێشتا سۆزی بۆ یاری منداڵی خۆی لەگەڵ کوڕە چڵمن هەڵدەڕێژی...

ئەوێکی تر و ئەوێکی تر و ئەوێکی تر........ نازانم ئەم هەمووانە چۆن لە کاسەی یەك کەلە سەردا دەنوون! ؟

من بەچاو پێت دەڵیم خۆشم دەوییییییییییییییییێت

منی تر کە زۆر لێم نزیکدەبیتەوە دوور دەکەومەوە،

منێکی تر یش دەبمە خانەخوێی عەقڵ،

کە ناوی تۆ دێت لە هەموو شتێك زیاتر ترس پێم دەوێرێت...

منێکی تر و منێکی تر و منێکی تر.......... نازانم چۆن ئەو هەمووەمان بەیەکەوە هەڵدەکەین! ؟

تۆ لەودیو دۆڵی ئاگاییەوە وێنەی هاوسەرێکم لێ دروستدەکەیت،

تۆێکی تر، وەك سێبەرەکانت شانازی سەری بەرزەوەبوو و کڵا و کۆفکی باپیرانتی

توێکی تریش، رەنگە من هێشتا تەواو تێینەگەیشتبم...

تۆێکی تر و تۆێکی تر و توێکی تر ........ نازانم چۆن ئەو هەموو ئێوەم لە تۆدا خۆشدەوێت؟!

ئێمە بۆ ئیشقی ئەم سەرزەمینە نەخولقاووین!!!

دەمێك دەبێت بە نهێنی لە دڵی خۆمدا پێتی ئەلێم،

دەستمبگرە!!!

با هەڵبکشێین بۆ بن باڵی پەلە هەورێکی تەریو،

ئەویٚ بکەین بە مەنزل و جیٚ ژووان،

لەوێندەریٚ، با تەنیا بین بەیەکەوە دوور لە بەختی گەنیو...

کە تەنیاش بووین بە یەکەوە،

لێم مەپرسە خۆشم دەوێیت!!!

لێت ناپرسم خۆشمت دەوێت!!!

ساڵانێکی چاومان ماندوو، یەك بۆ یەکتر بۆ هەتوانی "بەڵیٚ خۆشم دەوێیت".

نا لێگەریٚ لێم مەپرسە!!!

وردە وردە پارچەکان کۆکەرەوە...

لە رووپەڕی هەناسەکەم وێنەیەکمی پێبکێشە...

منیش هەروەکو تۆ،

ئینجا وەك نێرگەلە وەك تامەزرۆیی هەڵمژینی حەشیش،

من وێنەی تۆ لە رووپەری هەناسەی خۆت

تۆ وێنەی من لە رووپەری هەناسەی خۆم

هەڵیدەمژین بەیەکەوە...

تەزووی و تینی خۆشەویستی بەناخمدا بە ناختدا هەڵدەکێشین،

لەوێندەری، کە سەرمەست بووین

تامەزرۆییم بە لاسەنگی هەموو بەهاکانی ئێرە دەگۆڕمەوە...

دوور لە خەڵك، نزیك خودا،

بۆ یەکەم جار،

من پێتدەڵێم خۆشمدەوێیت،

ئەی بێپەروا...

ئەی خوێن شیرین،

ئەی هاوڕێکەم،

خۆشمدەوێیت لەگەڵ بوونما بە بێ ئاگا...

بەبێ ترس خۆشمدەوێیت،

لەوێندەرێ، کەسمان لەکەس،

نەتۆ لە من نەمن لە تۆ،

چۆن هاوسەنگین بەبێ جیا...

خۆشمدەوێیت!!!


**هەردی شکر محمود**

**2006/10/4**

**هەولێر**

hardy889@yahoo.com